حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی پلاندانان
دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان







# رووپێوی چاندراوی بەروبوومی زستانە لە هەرێمی کوردستان

## رووبەر ، بڕشت ، بەرهەم و تێچوو

## 2017 - 2016

بەشی ئامارەکانی کشتوکاڵ و ژینگە
ئایار 2018

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی پلاندانان

دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان

# رووپێوی چاندراوی بەروبوومی زستانە لە هەرێمی کوردستان

## رووبەر، برشت، بەرهەم و تێچوو

## 2017-2016

بەشی ئامارەکانی کشتوکاڵ و ژینگە

ئایار 2018

© ئایار 2018
مافی چاپکردن و بڵاوکردنەوەی پارێزراوە
لە کاتی لێوەرگرتنی زانیاری لەم راپۆرتە تکایە وەك ئەوەی لە خوارەوە پێشنیار کراوە ئاماژەی پێبکە:
دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان 2018 ، بەشی ئامارەکانی کشتوکاڵ و ژینگە، *راپۆرتی رووپێوی چاندراوی بەروبوومی زستانە رووبەر، برشت، بەرهەم و تێچوو 2016-2017 لە هەرێمی کوردستان.*
بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بە:
ناونیشانی سایتی ئەلیکترۆنی: **www.krso.gov.krd**
تەلەفۆن: **+ 964 (0)66 255 9170**
ئیمەیل: **Contact@krso.gov.krd**
زنجیرە: **62**

## ڕێز و سوپاس

دەستەی ئاماری هەرێم سوپاس و پێزانینی خۆی ئاراستەی کارمەندانی دەستەی ئاماری هەرێم و بەڕێوەبەرایەتییەکانی سەر بە دەستەی ئامار و کارمەندانی کشتوکاڵی سەر بە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە پارێزگاکان و ئیدارەکانی هەرێمی کوردستان دەکات کە بەشدارییان کردووە لەم ڕووپێوەدا، هەروەها گشت موختارو ئەنجومەنی گوندەکان کە بە پێدانی زانیاری هاوکاری تیمەکانی مەیدانیان کردووە بۆ بە ئەنجام گەیشتنی ڕووپێوەکە و بەرهەمهاتنی ئەم ڕاپۆرتەی بەردەستتان.

سوپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستەی وەزارەتی دارایی و ئابووری دەکەین کە بوودجەی پێویستیان بۆ ئەم ڕووپێوە دابین کرد.

## تیمی کار

- **لیژنەی سەرپەرشتی کردنی ڕووپێو:**

بەڕێز سیروان محمد محی الدین / سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێم

بەڕێز عمر طاهر عزیز / بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی / دەستەی ئاماری هەرێم

بەڕێز سامان عزالدین رشید / بەڕێوەبەری ئاماری پارێزگای هەولێر

بەڕێز چیاڤان عبدالرزاق سلێمان / بەڕێوەبەری ئاماری پارێزگای دهۆك

بەڕێز محمود عثمان معروف / بەڕێوەبەری ئاماری پارێزگای سلێمانی

بەڕێز حیدر شمس الله جیهانگیر / بەڕێوەبەری ئاماری ئیدارەی گەرمیان

بەڕێز حیدر محمود خضر/ بەڕێوەبەری فەرمانگەی ئاماری سۆران

بەڕێز ئاراز ابراهیم حمد / بەڕێوەبەری فەرمانگەی ئاماری ڕاپەڕین

- **لیژنەی تەکنیکی**

بەڕێز دلاوەر جلیل احمد / سەرپەرشتیاری ڕووپێو لە هەرێمی کوردستان / دەستەی ئاماری هەرێم

بەڕێز عبدالباسط عبدالرحمن حمدامین / بەڕێوەبەری ئامار و پەرەپێدانی مرۆیی/ و. کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو

بەڕێز تۆفیق حمد ابراهیم / بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای هەولێر

بەڕێز عبدالستار جلال ملا / بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای هەولێر

بەڕێز ناصر محمد محمد / بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای سلێمانی

بەڕێز رشاد اسماعیل جرجیس / بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای دهۆك

بەڕێز ابوبکر قادر بابەکر / بەڕێوەبەرایەتی ئاماری ڕاپەڕین

بەڕێز حامد محی الدین رشید / بەڕێوەبەرایەتی ئاماری ئیدارەی گەرمیان

بەڕێز پێشەوا صمد یحیی / بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سۆران

- **لیژنەی دانانی بەرنامەی داگرتنی داتا**

بەڕێز رقیب بهاءالدین محمد

بەڕێز نیهایەت هاشم کریم

بەڕێز ڕێژین مامند حمد

- **شیکردنەوەی داتا**

بەڕێز دلاوەر جلیل احمد

بەڕێز هەڵمەت ناصح نەجم

- **ئامادەکردنی ڕاپۆرت**

بەڕێز زینبە علی حمد

بەڕێز چرا ڕزگار سلێمان

- **وردبینی کردنی پێوەرەکانی بڵاوکردنەوە**

بەڕێز سعاد بکر فقی

- **لیژنەی تیمەکانی مەیدانی**

توێژەرانی بەشداربوو لە ئاماری پارێزگا و ئیدارەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ هەموو ئەو توێژەرانەی لە فەرمانگەکانی کشتوکاڵی بەشدارییان کردووە لە ڕووپێوەکەدا.

بەناوی خودای بەخشندەی میهرەبان

## پێش وتار

گرینگی کەرتی کشتوکاڵ بۆ دابینکردنی خۆراك و بەکارهێنانی لە چەندین جۆری پیشەسازی گۆڕین(صناعة تحويلية) بۆ ژیانی مرۆڤەکان لە رابردوو تاوەکوو ئەمڕۆش بایەخی زۆری بەم کەرتە بەخشیوە، بۆیە دەبینین وڵاتانی جیهان بە گشتی بە یەکێك لە گرنگترین کەرتەکانی ژێرخانی ئابووری لە کشتوکاڵ دەڕوانن.

سوپاس بۆ خوا کە هەرێمی کوردستان بە هۆی هەڵکەوتی جوگرافی و سەرچاوە ئاوییەکان و خاکێکی شیاو زۆر گونجاوە بۆ کاری کشتوکاڵی. هەرێمی کوردستان خاوەنی رووبەرێکی فراوانی زەویی کشتوکاڵییە کە نزیکەی 6.6 ملیۆن دۆنم زەوی دەبێت، هەروەها بوونی پێنج رووباری گەورە (خابوور، زێی گەورە، زێی بچووك، سیروان، ئاوەسپی) کە تێکڕای ئاوی ساڵانەیان بۆ هەرێمی کوردستان 29.77 ملیار م$^3$ دەبێت، جگە لە بوونی 3662 کانی و 68 بەربەستی خاکی (پۆند) کە توانای گڵدانەوەی نزیکەی 14 ملیۆن م$^3$ ئاویان هەیە. ئەمانە و زۆر هۆکاری تر سەبارەت بە کەش و هەوایەکی لەبار و مام ناوەند لە رووی پلەکانی گەرما و بارینی رێژەیەکی باشی باران و بەفر بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق، دەکرێت بە دانانی بەرنامە و پلانێکی زانستی سوود لەم سەرچاوە سروشتییانە وەربگیرێت و لە ئەنجامدا بارودۆخی کشتوکاڵ لە هەرێم گەشەی زیاتری پێبدرێت.

کەرتی کشتوکاڵی لە وڵاتی ئێمە بە هۆی جەنگە یەك لە دوای یەکەکان و گەمارۆی ئابووری و چۆڵکردنی گوندەکان کەتووشی گرفتی زۆر هاتووە. شۆرینی خاك و کەمی پرۆژەکانی ئاودێری و کەمی ژمارەی ئامێر و کەرەستە و تەکنۆلۆجیای پێشکەوتووی کشتوکاڵی و پەیین و قڕکەری باش و لاوازیی گەشەسەندن و ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و خراپی سیاسەتی رژێمەکانی پیشووتر لە عێراق لەسەر زەوییە کشتوکاڵییەکان ئەمانە هەموویان راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ هۆکارن بۆ لاوازبوونی ئەم کەرتە. پێویستە هەنگاوەکان خێرابکرێن بۆ جێبەجێکردنی پلانێکی زانستی کە هەموو بەشەکانی کشتوکاڵ بگرێتەوە بۆ گەشەپێدان و بەرزکردنەوەی تواناکان و دانانی بەرنامەیەکی تۆکمە بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و دابینکردنی ئامێر و کەرستەی کشتوکاڵی پێشکەوتوو بۆ جوتیارەکان بۆ ئەوەی ئەم کەرتە بوژانەوەیەکی بەرچاو بە خۆیەوە ببینێت.

**سیروان محمد محی الدین**
**سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێم**

# ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| ڕێز و سوپاس | I |
| تیمی کار | I I |
| پێش وتار | I V |
| لیستی خشتەکان | VI I |
| لیستی هێڵکارییەکان | X |
| پێشەکی | 1 |
| پێناسەی چەمکەکان | 2 |
| سوودەکانی ڕووپێو | 4 |
| ئامانجی ڕووپێو | 4 |
| ڕێبازی کار | 5 |
| فۆرمی ڕووپێو | 5 |
| چوارچێوە و نموونە | 5 |
| کاری مەیدانی | 5 |
| ڕاهێنان | 6 |
| کۆکردنەوەی داتاکان | 6 |
| چارەسەر کردنی داتاکان | 7 |
| وردبینی کردنی فۆرمەکان | 7 |
| داگرتنی داتاکان | 7 |
| خاوێنکردنەوەی داتاکان | 7 |
| شیکردنەوەی داتاکان | 7 |

ئەژمارکردنی کێشەکان (وەزن کردن) ........ 7
چۆنیەتی داتاکان ........ 8
وردی داتاکان ........ 8
هەڵە ئامارییەکان ........ 8
هەڵە نائامارییەکان ........ 8
ئەنجامە سەرەکییەکان ........ 10
هاوپێچ :فۆرمەکانی رووپێو ........ 60

## لیستی خشتەکان

لاپەڕە

خشتەی 1: کۆی رووبەری ژێر دەست و رووبەری چاندراو بۆ ئەو جوتیارانەی کە چاندراوی زستانەیان هەیە بۆ وەرزی 2016-2017 لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ........ 15
خشتەی 2: ژمارەی گوند و جوتیار بۆ چاندنی بەروبوومەکانی زستانە (گەنم، جۆ، نۆك، نیسك و سەوزەوات) بۆ وەرزی 2016-2017 لە هەرێمی کوردستان ........ 15
خشتەی 3: رێژەی رووبەرە چاندراوەکانی بەروبوومی گەنم بۆ وەرزی 2016-2017 لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان .... 16
خشتەی 4: رێژەی رووبەرە چاندراوەکانی بەروبوومی جۆ بۆ وەرزی 2016-2017 لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ...... 16
خشتەی 5: رووبەرە چاندراو و نەچاندراوەکان بۆ وەرزی 2016-2017 لەسەر ئاستی قەزاکانی پارێزگای هەولێر ........... 17
خشتەی 6: رووبەرە چاندراو و نەچاندراوەکان بۆ وەرزی 2016-2017 لەسەر ئاستی قەزاکانی پارێزگای سلێمانی .......... 18
خشتەی 7: رووبەرە چاندراو و نەچاندراوەکان بۆ وەرزی 2016-2017 لە سەر ئاستی قەزاکانی پارێزگای دهۆك ............ 19
خشتەی 8: رووبەرە چاندراو و نەچاندراوەکان بۆ وەرزی 2016-2017 لە سەر ئاستی قەزاکانی ئیدارەی گەرمیان........... 19
خشتەی 9: رووبەرە چاندراو و نەچاندراوەکان بۆ وەرزی 2016-2017 لە سەر ئاستی پارێزگای هەڵەبجە ................ 20
خشتەی 10: رووبەر و بەرهەمی گەنم (دێمی، ئاوی) و جۆ (دێمی، ئاوی) بۆ وەرزی 2016-2017 لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ........ 20
خشتەی 11: رووبەر، برشت و بەرهەمی گەنمی دێمی بۆ وەرزی 2016-2017 لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ........... 21
خشتەی 12: رووبەر، برشت و بەرهەمی گەنمی ئاوی بۆ وەرزی 2016-2017 لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ............ 22
خشتەی 13: رووبەر، برشت و بەرهەمی گەنمی دێمی بۆ وەرزی 2016-2017 لەسەر ئاستی قەزا بۆ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ........ 23
خشتەی 14: رووبەر، برشت و بەرهەمی جۆی دێمی بۆ وەرزی 2016-2017 لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ............ 24
خشتەی 15: رووبەر، برشت و بەرهەمی جۆی ئاوی بۆ وەرزی 2016-2017 لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ............ 25
خشتەی 16: رووبەر، برشت و بەرهەمی جۆی دێمی بۆ وەرزی 2016-2017 لەسەر ئاستی قەزا بۆ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ........ 26
خشتەی 17: رووبەر، برشت و بەرهەمی نۆك بۆ وەرزی 2016-2017 لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ............... 27
خشتەی 18: رووبەر، برشت و بەرهەمی نۆك بۆ وەرزی 2016-2017 لەسەر ئاستی قەزا بۆ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان28
خشتەی 19: رووبەر، برشت و بەرهەمی نیسك بۆ وەرزی 2016-2017 لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ................ 29
خشتەی 20: رێژەی جیاوازی رووبەرو بەرهەمی گەنم (دێمی،ئاوی) لە هەرێمی کوردستان بۆ وەرزی (2012_2013):(2016_2017) ........ 30
خشتەی 21: رێژەی جیاوازی رووبەر، برشت و بەرهەمی گەنمی دێمی لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ وەرزی (2012_2013):(2016_2017) ........ 30

خشتەی 22: رێژەی جیاوازی رووبەر، بەرهەمی جۆ لە هەرێمی کوردستان بۆ وەرزی (2012_2013):(2016_2017) ........ 31
خشتەی 23: رێژەی جیاوازی رووبەر، برشت و بەرهەمی جۆی دێمی لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ وەرزی (2012_2013):(2016_2017) ........ 31
خشتەی 24: رێژەی جیاوازی رووبەر، برشت و بەرهەمی نۆك لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ وەرزی (2012_2013):(2016_2017) ........ 32
خشتەی 25: رێژەی جیاوازی رووبەر، برشت و بەرهەمی نیسك لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ وەرزی (2012_2013):(2016_2017) ........ 33
خشتەی 26: تێکڕای تێچووی یەك دۆنم (1000دینار) بۆ بەروبوومی گەنمی دێمی بۆ وەرزی 2016-2017 لەسەر ئاستی پارێزگاکان ........ 34
خشتەی 27: تێکڕای تێچووی یەك دۆنم (1000دینار) بۆ بەروبوومی جۆی دێمی بۆ وەرزی 2016-2017 لەسەر ئاستی پارێزگاکان ........ 35
خشتەی 28: تێکڕای تێچووی یەك دۆنم (1000دینار) بۆ بەروبوومی گەنمی دێمی بۆ وەرزی 2016-2017 لە پارێزگای هەولێر ........ 36
خشتەی 29: تێکڕای تێچووی یەك دۆنم (1000دینار) بۆ بەروبوومی جۆی دێمی بۆ وەرزی 2016-2017 لە پارێزگای هەولێر ........ 38
خشتەی 30: تێکڕای تێچووی یەك دۆنم (1000دینار) بۆ بەروبوومی گەنمی دێمی بۆ وەرزی 2016-2017 لە پارێزگای سلێمانی ........ 40
خشتەی 31: تێکڕای تێچووی یەك دۆنم (1000دینار) بۆ بەروبوومی جۆی دێمی بۆ وەرزی 2016-2017 لە پارێزگای سلێمانی ........ 42
خشتەی 32: تێکڕای تێچووی یەك دۆنم (1000دینار) بۆ بەروبوومی گەنمی دێمی بۆ وەرزی 2016-2017 لە پارێزگای دهۆك ........ 44
خشتەی 33: تێکڕای تێچووی یەك دۆنم (1000دینار) بۆ بەروبوومی جۆی دێمی بۆ وەرزی 2016-2017 لە پارێزگای دهۆك ........ 46
خشتەی 34: تێکڕای تێچووی یەك دۆنم (1000دینار) بۆ بەروبوومی گەنمی دێمی بۆ وەرزی 2016-2017 لە سەر ئاستی ئیدارەی گەرمیان ........ 47
خشتەی 35: تێکڕای تێچووی یەك دۆنم (1000دینار) بۆ بەروبوومی جۆی دێمی بۆ وەرزی 2016-2017 لە سەر ئاستی ئیدارەی گەرمیان ........ 48
خشتەی 36: رێژەی جیاوازی کۆی پارەی تێچوو بۆ بەروبوومی گەنم لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان (2012_2013):(2016_2017) ........ 49
خشتەی 37: رێژەی جیاوازی کۆی پارەی تێچوو بۆ بەروبوومی جۆ لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ وەرزی زستانی (2012_2013):(2016_2017) ........ 50
خشتەی 38: رووبەری پەیین کراوی گەنمی دێمی بۆ وەرزی 2016-2017 لەسەر ئاستی پارێزگاکان ........ 51

خشتەی 39: ڕێژەی سەدی بەکارهێنانی جۆرەکانی پەیین بۆ رووبەری چاندراوی گەنمی دێمی بۆ وەرزی 2016-2017 لەسەر ئاستی پارێزگاکان ............................................................................................................................ 51
خشتەی 40: رووبەری پەیین کراوی گەنمی ئاوی بۆ وەرزی 2016-2017 لەسەر ئاستی پارێزگاکان ............................ 52
خشتەی 41: ڕێژەی سەدی بەکارهێنانی جۆرەکانی پەیین بۆ رووبەری چاندراوی گەنمی ئاوی بۆ وەرزی 2016-2017 لەسەر ئاستی پارێزگاکان ............................................................................................................................ 52
خشتەی 42: ڕێژەی رووبەری پەیین کراوی جۆی دێمی بۆ وەرزی 2016-2017 لەسەر ئاستی پارێزگاکان ......................... 53
خشتەی 43: ڕێژەی سەدی بەکارهێنانی جۆرەکانی پەیین بۆ رووبەری چاندراوی جۆی دێمی بۆ وەرزی 2016-2017 لەسەر ئاستی پارێزگاکان ............................................................................................................................ 54
خشتەی 44: ڕێژەی رووبەرە چاندراوەکانی گەنمی دێمی بۆ وەرزی 2016-2017 کە تووشی ئافات بووە ..................... 55
خشتەی 45: ڕێژەی سەدی جۆری ئافاتە کشتوکاڵییەکان بۆ وەرزی 2016-2017 کە تووشی بەروبوومی گەنمی دێمی هاتووە55
خشتەی 46: ڕێژەی رووبەرە چاندراوەکانی گەنمی ئاوی بۆ وەرزی 2016-2017 کە تووشی ئافات بووە ...................... 56
خشتەی 47: ڕێژەی سەدی جۆری ئافاتە کشتوکاڵییەکان بۆ وەرزی 2016-2017 کە تووشی بەروبوومی گەنمی ئاوی هاتووە 56
خشتەی 48: ڕێژەی رووبەرە چاندراوەکانی جۆی دێمی بۆ وەرزی 2016-2017 کە تووشی ئافات بووە ......................... 57
خشتەی 49: ڕێژەی سەدی جۆری ئافاتە کشتوکاڵییەکان بۆ وەرزی 2016-2017 کە تووشی بەروبوومی جۆی دێمی هاتووە 57

## لیستی هێڵکارییەکان

لاپەڕە

هێڵکاری 1: رووبەرو بەرهەمی گەنمی دێمی بۆ وەرزی 2016-2017 لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان........ 21
هێڵکاری 2: رووبەرو بەرهەمی گەنمی ئاوی بۆ وەرزی 2016-2017 لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ..........22
هێڵکاری 3: رووبەرو بەرهەمی جۆی دێمی بۆ وەرزی 2016-2017 لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ...........24
هێڵکاری 4: رووبەرو بەرهەمی جۆی ئاوی بۆ وەرزی 2016-2017 لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ............25
هێڵکاری 5: رووبەرو بەرهەمی نۆك بۆ وەرزی 2016-2017 لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ....................27
هێڵکاری 6: رووبەرو بەرهەمی نیسك بۆ وەرزی 2016-2017 لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان....................29
هێڵکاری 7: تێکڕای تێچووی یەك دۆنم(1000دینار) بۆ بەروبوومی گەنمی دێمی بۆ وەرزی 2016-2017 لەسەر ئاستی پارێزگاکان.......................................................................................................34
هێڵکاری 8: تێکڕای تێچووی یەك دۆنم(1000دینار) بۆ بەروبوومی جۆی دێمی بۆ وەرزی 2016-2017 لەسەر ئاستی پارێزگاکان.......................................................................................................35
هێڵکاری 9: تێکڕای تێچووی یەك دۆنم(1000دینار) بۆ بەروبوومی گەنمی دێمی بۆ وەرزی 2016-2017 لە سەر ئاستی پارێزگای هەولێر...............................................................................................37
هێڵکاری 10: تێکڕای تێچووی یەك دۆنم(1000دینار) بۆ بەروبوومی جۆی دێمی بۆ وەرزی 2016-2017 لە سەر ئاستی پارێزگای هەولێر...............................................................................................39
هێڵکاری 11: تێکڕای تێچووی یەك دۆنم (1000دینار) بۆ بەروبوومی گەنمی دێمی بۆ وەرزی 2016-2017 لە سەر ئاستی پارێزگای سلێمانی ..........................................................................................41
هێڵکاری 12: تێکڕای تێچووی یەك دۆنم (1000دینار) بۆ بەروبوومی جۆی دێمی بۆ وەرزی 2016-2017 لە سەر ئاستی پارێزگای سلێمانی ...........................................................................................43
هێڵکاری 13: تێکڕای تێچووی یەك دۆنم (1000دینار) بۆ بەروبوومی گەنمی دێمی بۆ وەرزی 2016-2017 لە سەر ئاستی پارێزگای دهۆك ..............................................................................................45
هێڵکاری 14: تێکڕای تێچووی یەك دۆنم (1000دینار) بۆ بەروبوومی جۆی دێمی بۆ وەرزی 2016-2017 لە سەر ئاستی پارێزگای دهۆك ................................................................................................46
هێڵکاری 15: تێکڕای تێچووی یەك دۆنم (1000دینار) بۆ بەروبوومی گەنمی دێمی بۆ وەرزی 2016-2017 لە سەر ئاستی ئیدارەی گەرمیان ...........................................................................................47
هێڵکاری 16: تێکڕای تێچووی یەك دۆنم (1000دینار) بۆ بەروبوومی جۆی دێمی بۆ وەرزی 2016-2017 لە سەر ئاستی ئیدارەی گەرمیان ..............................................................................................48
هێڵکاری 17: رێژەی باران بارین بۆ بەروبوومەکانی زستانە بۆ وەرزی 2016-2017 لە پارێزگای هەولێر .........58
هێڵکاری 18: رێژەی باران بارین بۆ بەروبوومەکانی زستانە بۆ وەرزی 2016-2017 لە پارێزگای سلێمانی........58
هێڵکاری 19: رێژەی باران بارین بۆ بەروبوومەکانی زستانە بۆ وەرزی 2016-2017 لە پارێزگای دهۆك..........59
هێڵکاری 20: رێژەی باران بارین بۆ بەروبوومەکانی زستانە بۆ وەرزی 2016-2017 لە ئیدارەی گەرمیان .........59
هێڵکاری 21: رێژەی باران بارین بۆ بەروبوومەکانی زستانە بۆ وەرزی 2016-2017 لە پارێزگای هەڵەبجە ........59

## پێشەکی

مەبەست لەم رووپێوە وەرگرتنی داتا و زانیاری نوێیە لە سەر زەوییە کشتوکاڵییەکان بۆ دانانی پلانی گونجاو لە کەرتی کشتوکاڵ بۆ پەرەپێدان و بووژاندنەوەی ئەم کەرتە لە گەڵ دابینکردنی پێداویستییەکانی.

بەروبوومەکانی زستانە لە (گەنم، جۆ، نۆك، نیسك و سەوزەوات) یەکێکە لە نیشاندەرە سەرەکی و گرنگەکانی کشتوکاڵ کە زۆرینەی رووبەرە کشتوکاڵییەکان لە خۆ دەگرێت و گەشەیەکی باشی کردووە بەراورد بە ساڵانی رابردوو. داهاتی نەتەوەیی ئەم کەرتە بریتییە لە 3.1% لە ساڵی 2013 لە کۆی داهاتی گشتی هەرێمی کوردستان.

ئامانجی سەرەکی ئەم رووپێوە بریتییە لە دیاریکردنی ئاستەکانی رووبەری چاندراو لە سەرجەم گوندەکانی هەرێمی کوردستان و مەزندەکردنی بەرهەم و تێچوون بۆ بەروبوومی گەنم، جۆ، نۆك و نیسك و هەروەها دیاریکردنی ئەو زەوییانەی کە تووشی ئافاتی کشتوکاڵی هاتوون.

لەگەڵ ئەمەشدا رێژەی زەویی پەیین کراو بە پێی جۆرەکانی پەیین و رێژەی ئەو زەوییانەی کە تووشی ئافاتی کشتوکاڵی هاتوون خراوەتەروو.

لەم راپۆرتەدا پلانی جێبەجێکردن و رێبازی کارکردن خراوەتەروو، ئەنجامەکان بۆ هەریەك لە بەروبوومەکانی زستانە لە سەر ئاستی پارێزگا و قەزا بە پێی رووبەری چاندراو و بەرهەم و تێچوون نیشان دراوە.

## پێناسەی چەمکەکان

1-برشت: بریتی یە لە بڕی بەرهەمی یەك دۆنم لە زەوی چاندراو بە بەروبوومێکی دیاریکراوی کشتوکاڵی کە لە کۆتایی وەرزی دروێنە و رنین بە کگم پێوانە دەکرێت لەسەر ئاستی رووبەری چاندراوی یەك جوتیار.

2-بەرهەم: بریتی یە لە کۆی گشتی کێشی بەروبووم دوای ئامادەکردن و بەکاربردن و دوای کەمکردنی بەرهەمەکە پێش یان لەکاتی یان لە دوای وەزری دروێنەوەو رنین. گشت بەرهەمەکان بە تۆن پێوانە کراوە یەك تۆن = 1000کگم

3-رووبەری چاندراو: ئەو زەوییە دەگرێتەوە کە جوتیار بەروبوومێك یان زیاتری تێدا دەچێنێت و گشت رووبەرێك بە دۆنم پێوانە کراوە یەك دۆنم = 2500 م$^2$.

4-رووبەری ژێردەست: ئەو رووبەرەیە کە لە ژێر دەستی جوتیار دایە لە سنووری دیاری کراوی گوندێك دەرناچێت و هەموو جۆرە زەوییە کشتوکاڵییەکان دەگرێتەوە وەکو زەوی دێم، بەراو، رەزوباخ و پاوان.

5-تۆپۆگرافی زەوی: بریتی یە لە سروشتی زەوییە کشتوکاڵییەکان لە رووی بەرزی و نزمیەوە (تەختایی، گردەڵان، شاخاوی).

6-پەیین: بریتی یە لە ماددەیەکی کانزایی یان تێکەڵەیەکی پاشماوەی ئاژەڵی سروشتی یان دروستکراو کە دەخرێتە ناو هەموو جۆرە خاکێك یان ئاو یان بەشێوەی گیراوە بۆ سوود وەرگرتن لە پێکهاتە خۆراکییەکانی و گەشەکردنی روەکان کە بە شێوەیەکی سەرەکی لە سێ جۆر ماددەی خۆراکی پێك دێت بە لایەنی کەم رێژەی 5% ئەم مادە خۆراکیانەی تێدایە (N2P2, O5,K2O)

دوو جۆر پەیین هەیە :

a.پەیینی ئۆرگانیك: پێکهاتووە لە پاشماوەکانی رووەك و ئاژەڵ کە شیکراوەتەوە و چەندین جۆری هەیە گرنگترینیان ئەمانەن:

- پەیینی ئاژەڵی: پێکهاتووە لە پەیینێك لە پاشماوەی رەق یان شلی ئاژەڵ لەگەڵ هەندێك پاشماوەی رووەکی کە بەکاردێت بە شێوەیەکی گشتی بۆ زەوی و لەوەرگاکان.
- پەیینی سەوز: بریتی یە لە تێکەڵکردنی پاشماوەی رووەکی لەگەڵ خاك، دوای شیبوونەوە کاری پەیینی ئاژەڵی دەکات.

b. پەیینی کیمیاوی: ئەو پەیینە ئامادە دەکرێت لە ماددەی خاو لە دوو مادده یان زیاتر کە مادده سەرەکییەکانی بریتین لە (فۆسفات،پۆتاسیۆم) دوو جۆری هەیە:

- پەیینی سادە (یۆریا): لەیەك پێکهاتە پێك دێت کە ئەویش نایترۆجینە.
- پەیینی تێکەڵە (مرکب): پێك دێت لە زۆرتر پێکهاتەی خۆراکی و ناو دەبرێت بە پەیینی تەواو.

7- ئافات: تەواوی ئەو زیندەوەرە زیان بەخشانە دەگرێتەوە کە کار دەکەنە سەر لە ناو بردن یان لاوازکردنی بەروبوومە کشتوکاڵییەکان وەکو زیندەوەری (کلۆ - سونە - تفحم - کرم - هتد).

8- ژەهراوی کردنی تۆو: کرداری خاوێن کردنەوەی تۆوەکان پێش چاندن بە ماددەی کیمیایی (راکسیل) کە رەنگی سوورە، تێکەڵ دەکرێ بە دانەوێڵە (بنەتۆ) کە بریارە بۆ وەرزی چاندن سوودی لێ وەربگیرێت بۆ ئەوەی دانەوێڵەکە بپارێزێت لە تێکچوون و خوران .

9- لەناوبردنی گژوگیا: بەرەنگاربوونەوەی گیای زیادە لە ناو کێڵگەکان (الادغال) بۆ ئەوەی رووەکی بەروبوومی سەرەکی چاندراو بەهێزتر بکات و بەرهەمێکی باشتری هەبێت.

10- تێچووی خاوێن کردنەوە: بریتی یە لە کرداری خاوێنکردنەوەی دانەوێڵە دوای دروێنە بە ئامێری تایبەت بە مەبەستی پاك کردنەوەی لە شتە زیادەکان.

11- رێژەی جیاوازی: بریتی یە لە بەراورد کردنی نیشاندەرەکان و دیاری کردنی رێژەی بەرزی و نزمی ژمارەکان (هەڵکشان و داکشان) بۆ ژمارەکان لەگەڵ ساڵێکی پێش خۆی یان زیاتر .

12- پیشەسازیی گۆڕین (صناعة تحویلیة): تەواوی ئەو پیشەسازیانە دەگرێتەوە کە بۆ دروستکردنی بەرهەمەکانیان پشت دەبەستن بە یەك یان زیاتر لە بەرهەم و بەروبوومێکی کشتوکاڵی وەکو لۆکە، چەرم، خۆراکە قوتوبەندەکان، ...هتد.

## سوودەکانی ڕووپێو

- خستنە ڕووی تەواوی ڕووبەرە چاندراوەکانی هەرێم.
- خستەرووی ڕووبەرە نەچاندراوەکان بە درێژایی وەرزەکانی ساڵ.
- ژمارەی ئەو جوتیارانەی بەشداربوون لە چاندنی بەروبوومی زستانە.
- خەمڵاندنی برشتی یەك دۆنم لە ڕووبەرە چاندراوەکان.
- خەمڵاندنی ئاستەکانی بەرهەم بۆ بەروبوومەکانی زستانە.
- خەمڵاندنی تێچوونەکان بۆ یەك دۆنم لە بەروبوومەکانی چاندراوی زستانە.
- دیاری کردنی ڕێژەی زەوییە پەیینکراوەکان و جۆرەکانیان.
- ڕێژەی ئەو زەوییانەی بەروبوومەکانیان تووشی ئافات هاتووە.

## ئامانجی ڕووپێو

ئامانجمان لەم ڕووپێوە دابین کردنی داتاو زانیارییە لە کەرتی کشتوکاڵ بۆ گشت دامەزراوە حکومی و ناحکومییەکان و هەر لایەنێك کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیوەندی هەبێت بەم کەرتە و بەراورد کردنی داتاکان لەگەڵ وەرزی چاندنی پێشووتری خۆی لە ڕووی بەرهەم و تێچوون و ڕووبەر بۆ ئەوەی گۆڕانکارییەکانیان بەرجەستە بکات و کاریگەری زیاتری هەبێت بۆ بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەکان.

# رێبازی کار

## فۆرمی رووپێو

فۆرم یەکێکە لە پیداویستییە سەرەکییەکانی کۆکردنەوەی زانیاری. لەم رووپێوەدا دوو فۆرم بەکارهاتوون کە فۆرمی رووبەرە چاندراوەکان و فۆرمی خەمڵاندنی بەرهەم دەگرێتەوە. لە هەردوو جۆرەکەدا هەوڵ دراوە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو سەرنج و تێبینییەکان یەك بخرێت.

## چوارچێوە و نموونە

- **کۆمەڵگای مەبەست:** تەواوی ئەو جووتیارانەی کە چاندراوی زستانەیان هەبووە لە وەرزی چاندنی 2016-2017 لە سنووری هەرێمی کوردستان دەبێتە کۆمەڵگای مەبەست بۆ ئەم رووپێوە.
- **چوارچێوەی نموونە:** یەکێک لە خاڵە جیاوازەکانی ئەم رووپێوە لەگەڵ رووپێوەکانی تر چوارچێوەکە دەبێت بۆ هەموو وەرزێک بە شێوازی گشتگیر ئەنجام بدرێت لەبەرئەوەی رووبەرەکان بۆ چاندنی بەروبووم بە پێ ی وەرزەکانی چاندن گۆرانکاریان بەسەردادێت و ئەوەش هۆکارێکە بۆ دووبارە کردنەوەی چوارچێوە بۆ هەموو وەرزێکی نوێ ی کشتوکاڵی .
- **قەبارەی نموونە:** شێوازی بەکارهێنانی نموونە تەنها بۆ فۆرمی خەمڵاندنی بەرهەم ئەنجام دراوە و فۆرمی رووبەری چاندراو (چوارچێوەی زستانە) ناگرێتەوە کە لە کۆی گشتی3,437 گوند کە فۆرمی رووبەری چاندراو یان بۆ پرکراوەتەوە رێژەی 15% لێ وەرگیراوە بۆ فۆرمی خەمڵاندنی بەرهەم کە دەکاتە 522 گوند کە نموونەی وەرگیراوە بۆ ئەم رووپێوە .
- **دارشتنی نموونە:** جۆری نموونەی بەکارهاتوو بۆ ئەم رووپێوە پشت دەبەستێت بە نموونەی بژاردەگیری رێکخراو (العينات المنتظمة).

## کاری مەیدانی

بریتی یە لە قۆناغی کۆکردنەوەی داتاکان بەشێوەی سەردانی ڕاستەوخۆی توێژەران بۆ ئەو شوێنانەی کە لە نموونەی وەرگیراودا هاتوون.

دابین کردنی گشت پێداویستییەکان لە رووی هونەری و کارگێری، راهێنان و دابین کردنی شایستە داراییەکان دەوری گرنگی دەبێت لە جێ بە جێ کردنی کاری مەیدانی لە هەر رووپێوێکدا.

## راهێنان:

راهێنانی ئەم رووپێوە بە دوو قۆناغی جیاواز ئەنجام دراوە، سەرەتا لە 2017/7/5 خولی راهێنان بۆ سەرپەرشتیارانی ناوخۆیی ئەنجاو دراوە و دواتر ئەم سەرپەرشتیارانە وەکو راهێنەر لە 2017/7/10 خولی راهێنانیان بۆ توێژەرەکانی مەیدانی ئەنجام داوە.

بابەتی سەرەکی لە هەردوو راهێنانەکەدا بە شێوەیەکی گشتی ئەم تەوەرانە دەگرێتەوە

- روونکردنەوە و پێناسە کردنی چەمکەکان.
- چۆنیەتی پڕکردنەوەی فۆرمی رووپێوەکە .
- روونکردنەوەی جۆرەکانی پێوانەی بەکارهاتوو لە دەڤەرە جیاوازەکان و یەکخستنیان.
- روونکردنەوەی چۆنیەتی پەیوەندی کردن بەکەسی وەڵامدەر.

## کۆکردنەوەی داتاکان:

کاری کۆکردنەوەی داتاکان لە 2017/7/12 دەستیپێکرد بە سەردانی راستەوخۆ بۆ چاو پێکەوتن لەگەڵ موختارەکان یان ئەنجومەنەکانی گوندەکان لە 2017/8/22 کاری مەیدانی کۆتایی هات کە 35 رۆژی کارکردنی خایاند.

توێژەرانی مەیدانی بەسەر 42 تیم دابەش کران کە هەر تیمێك لە 2 توێژەر پێکهاتبوو کە یەکێکیان لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئامار و ئەوەی تریان لە فەرمانگەکانی کشتوکاڵی بوو جگە لە لیژنەکانی هەماهەنگی و سەرپەرشتیارانی ناوخۆیی و سەرپەرشتیارانی ناوەندی کە بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش کرابوون:

- هەولێر 7 تیم و 1 سەرپەرشتیاری ناوخۆیی.
- دهۆك 10 تیم و 1 سەرپەرشتیاری ناوخۆیی.
- سلێمانی 15 تیم و 1 سەرپەرشتیاری ناوخۆیی.
- ئیدارەی گەرمیان 3 تیم و 1 سەرپەرشتیاری ناوخۆیی.
- ئیدارەی راپەرین 3 تیم و 1 سەرپەرشتیاری ناوخۆیی.
- سۆران 4 تیم و 1 سەرپەرشتیاری ناوخۆیی.
- 3 سەرپەرشتیاری ناوەندی کە بە شێوەی دەوری لەسەر گشت تیمەکان چاودێری کارەکانیان کردووە.
- 11 وردبین لە پارێزگاکان و ئیدارەکان لەگەڵ 4 وردبین لە دیوانی دەستە کاری وردبینی کردنی فۆرمەکانیان ئەنجامداوە.

## چارەسەر کردنی داتاکان

قۆناغی چارەسەرکردنی داتاکان کۆمەڵێك چالاکی دەگرێتەوە کەلەسەر فۆرمەکان ئەنجام دەدرێت بە ئامانجی ئامادەکردنی داتاکان بۆ قۆناغی شیکردنەوە کە لە چەند خاڵێك پێك هاتووە:

### وردبینی کردنی فۆرمەکان:

لەم قۆناغەدا تەواوی فۆرمەکان وردبینی دەکرێن بەپێی راسپاردەی زانستی کە هەڵە و کەم و کوڕی فۆرمەکان دیاری دەکات بە مەبەستی چارەسەرکردنیان.

### داگرتنی داتاکان:

کاری داگرتنی داتاکان بۆ پرسیارنامەکان لە دەستەی ئاماری هەرێم لە 2017/8/28 دەستی پێکرد و لە 2017/10/5 کۆتایی هات، بە بەرنامەی (Cspro) کاری تۆمارکردنی داتاکان ئەنجام دەدرێت.

### خاوێنکردنەوەی داتاکان:

لەم قۆناغەدا کاری خاوێنکردنەوەی داتاکان ئەنجام دەدرێت. هەر ژمارەیەك جێگای گومان بێت کە لەگەڵ بارودۆخی ڕاستەقینە یەك نەگرێتەوە یان پرسیارێك کە وەڵام نەدرابێتەوە بۆ ئەم مەبەستەش پەیوەندی کراوە بە جوتیار یان تیمەکانی مەیدانی بۆچاککردنەوە و دانانی وەڵامی گونجاو.
بە شێوەیەکی گشتی ئەم پرۆسەیە پێداچوونەوەیەکی رێژەییە بۆ داتاکان تاوەکو بۆ قۆناغی شیکردنەوەی داتایەکی ڕاستەقینەو گونجاو بەردەست بێت.

### شیکردنەوەی داتاکان:

دوای ئەوەی داتاکان لە رووی چۆنیەتیەوە گونجاو بوون لە رێگای (Syntax) ەکانی ئامادەکراو بە رێگای بەرنامەی ئاماری (Stata) شیکردنەوەی کۆتاییان بۆ دەکرێت وە بە بەرنامەی ( Excel) خشتەکان ئامادە دەکرێن.

## ئەژمارکردنی کێشەکان (وەزن کردن)

بە دوو شێواز کار لەسەر کێشکردنی داتاکان کراوە:

شێوازی یەکەم: رووبەری چاندراو جیادەکرێتەوە بۆ چەند گروپێك بۆ ئەوەی لە رووی گەورەیی و بچووکی پۆلێن بکرێن، نمونەی راکێشراو کە 15% ی ئەو گوندانەیە کە چاندراویان هەبوە پشت دەبەستێت بەم گروپانە بۆ ئەوەی دواتر هەر گروپێك بەپێی کێشی خۆی کاریگەری لەسەر ئەنجامەکان(بەرهەم) هەبێت.

شێوازی دووەم: بۆ دەستکەوتنی برشتێکی هاوسەنگ کە گوزارشتی بارودۆخی ڕاستەقینە بکات کۆی گشتی بەرهەم دابەشی رووبەری گشتی کراوە.

## چۆنیەتی داتاکان

هەموو ڕووپێوێك لە یەکەم قۆناغی دەست پێکردنی تاوەکوو کۆتایی بەچەند پرۆسەیەک دا تێپەر دەبێت کە ئەنجامدانیان لە کاتی خۆیدا گرنگی بە کارەکە دەبەخشێت. ئەم قۆناغانە بریتین لە: بریاردان بۆ پێویستی ئەنجامدانی ڕووپێو، ڕاوێژی تایبەت بۆ پێداویستیەکان، ئامادەکاری بۆ پرۆسەی کۆکردنەوەی زانیاری، چاودێری و وردبینی، هەڵسەنگاندنی داتاکان و بەراوردکردنیان لەگەڵ بارودۆخی ڕاستەقینەی مەیدان, خستنە ڕووی کۆی زانیاریەکان.

## وردی داتاکان

پشکنینی داتاکان لە هەر ڕووپێویك دەکرێت بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی هەڵەکان کە لە کاتی هەڵبژاردنی نموونە و کارە مەیدانییەکان ڕوو دەدەن. ئەم هەڵانە بریتین لە:

### هەڵە ئامارییەکان:

بریتی یە لەو  هەڵانەی کە بە هۆی کەموکوڕی لە ڕاکێشانی نموونە ڕوودەدەن. لەبەر ئەوەی ڕووپێوی چوارچێوەی 2016-2017 لەکاتی خۆی ئەنجام نەدرا نەتوانرا سوود لە داتاکانی وەربگیرێت بۆ ڕاکێشانی نموونە، بۆیە داتای چوارچێوەی 2013 بۆ ڕاکێشانی نموونە سوودی لێوەرگیراوە ئەمەش بۆتە هۆی دروستبوونی لادان بۆ ئەو ڕووبەرانەی کە لە نموونەکەدا دیاریکرابوون، هەروەها ڕاکێشانی نموونە لەسەر بنەمای گروپ بۆ ئەوەی نموونەکان هاوسەنگ بکات گرفتێکی تر بوو کە لە هەندێك لە قەزاكان نموونە دەرنەچوو بە هۆی کەمی ڕووبەری چاندراویان.

### هەڵە نائامارییەکان:

ئەم هەڵانە لە قۆناغەکانی جێبەجێکردنی ڕووپێو ڕوودەدات لە دارشتنی فۆرم، کۆکردنەوەی زانیارییەکان لەلایەن توێژەرەکان، جیاوازی لە تێگەیشتن بۆ هەندێك لەپرسیارەکان، کاریگەرییەکانی چاوپێکەوتن و هەڵەکانی تۆمارکردنی داتا و کەم کردنەوەی ئەم هەڵانە کاریگەری دەبێت لەسەر دروستی و ڕاستی داتاکان.

ژمارەی  گوندەکان بۆ وەرگرتنی نموونەکانی رووپێوی چاندراوی بەروبوومی زستانە 2016-2017

| # | پارێزگا | قەزا | ژمارەی گوند لە سامپلی گەنم |
|---|---|---|---|
| 1 | هەولێر | خەبات | 11 |
| 2 | | دەشتی هەولێر | 17 |
| 3 | | ڕەواندوز | 9 |
| 4 | | سۆران | 24 |
| 5 | | شەقڵاوە | 14 |
| 6 | | چۆمان | 6 |
| 7 | | کۆیە | 15 |
| 8 | | مێرگەسۆر | 12 |
| 9 | | ناوەندی هەولێر | 26 |
| 10 | سلێمانی | پشدەر | 26 |
| 11 | | پێنجوین | 3 |
| 12 | | چەمچەماڵ | 38 |
| 13 | | دەبەندیخان | 3 |
| 14 | | دۆکان | 27 |
| 15 | | رانیە | 12 |
| 16 | | سەید صادق | 29 |
| 17 | | شارباژێر | 1 |
| 18 | | شارەزوور | 18 |
| 19 | | قەرەداغ | 5 |
| 20 | | ماوەت | 1 |
| 21 | | ناوەندی سلێمانی | 33 |
| 22 | هەڵەبجە | ناوەندی هەڵەبجە | 20 |
| 23 | دهۆک | ئاکرێ | 17 |
| 24 | | ئامێدی | 3 |
| 25 | | بەردەرەش | 28 |
| 26 | | ناوەندی دهۆک | 2 |
| 27 | | سێمێڵ | 33 |
| 28 | | شێخان | 29 |
| 29 | | زاخۆ | 14 |
| 30 | گەرمیان | کەلار | 9 |
| 31 | | کفری | 12 |
| 32 | | خانەقین | 25 |

## ئەنجامە سەرەکییەکان

### • ڕێژەی رووبەر و بەرهەمی گەنمی دێمی لە هەرێمی کوردستان

رووبەری چاندراوی گەنمی دێمی لە هەرێمی کوردستان دەکاتە 2,390,141 دۆنم. بەرزترین ڕێژەی رووبەری چاندراو دەکەوێتە پارێزگای هەولێر بە ڕێژەی 31%. بەرهەمی گەنمی دێمی لە هەرێمی کوردستان بە 822,361 تۆن خەملێنراوە، بەرزترین ڕێژەی بەرهەم دەکەوێتە پارێزگای دهۆك بەرێژەی 31% .

### رووبەرو بەرهەمی گەنمی دێمی لە پارێزگاکان بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

**پارێزگای هەولێر**

رووبەری چاندراوی گەنمی دێمی لە پارێزگای هەولێر دەکاتە 736,539 دۆنم. بەرهەمەکەی بە 241,594 تۆن خەملێنراوە، بەرزترین ڕێژەی بەرهەم دەکەوێتە قەزای کۆیە بەرێژەی 23% و نزمترین ڕێژەی بەرهەم لە قەزای ڕەواندوزە بەرێژەی 0.2%.

**پارێزگای سلێمانی**

رووبەری چاندراوی گەنمی دێمی لە پارێزگای سلێمانی دەکاتە 653,177 دۆنم. بەرهەمەکەی بە 242,707 تۆن خەملێنراوە، بەرزترین ڕێژەی بەرهەم دەکەوێتە قەزای چەمچەماڵ بەرێژەی 25% و نزمترین ڕێژەی بەرهەم لە قەزای ماوەتە بەرێژەی 0.2%.

**پارێزگای دهۆك**

رووبەری چاندراوی گەنمی دێمی لە پارێزگای دهۆك دەکاتە 635,171 دۆنم. بەرهەمەکەی بە 254,188 تۆن خەملێنراوە، بەرزترین ڕێژەی بەرهەم دەکەوێتە قەزای بەردەڕەش بەرێژەی % 25 و نزمترین ڕێژەی بەرهەم لە قەزای ئامێدی یە بە ڕێژەی 1%.

**پارێزگای هەڵەبجە**

رووبەری چاندراوی گەنمی دێمی لە پارێزگای هەڵەبجە دەکاتە 61,362 دۆنم و بەرهەمەکەی بە 31,066 تۆن خەملێنراوە.

**ئیدارەی گەرمیان**

رووبەری چاندراوی گەنمی دێمی لە ئیدارەی گەرمیان دەکاتە 303,892 دۆنم. بەرهەمەکەی بە 52,807 تۆن خەملێنراوە، بەرزترین ڕێژەی بەرهەمی گەنم دەکەوێتە قەزای خانەقین بەرێژەی 42% و نزمترین ڕێژەی بەرهەم لە قەزای کفری یە بەرێژەی 25%.

## • ڕێژەی ڕووبەر و بەرهەمی گەنمی ئاوی لە هەرێمی کوردستان

ڕووبەری چاندراوی گەنمی ئاوی لە هەرێمی کوردستان دەکاتە 268,945 دۆنم، بەرزترین ڕێژەی ڕووبەری چاندراو دەکەوێتە پارێزگای هەولێر بەڕێژەی 79%. بەرهەمی گەنمی ئاوی لە هەرێمی کوردستان بە 197,120 تۆن خەمڵێنراوە، بەرزترین ڕێژەی بەرهەمیش دەکەوێتە پارێزگای هەولێر بە ڕێژەی 86%.

## ڕووبەر و بەرهەمی گەنمی ئاوی لە پارێزگاکان بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

### پارێزگای هەولێر

ڕووبەری چاندراوی گەنمی ئاوی لە پارێزگای هەولێر دەکاتە 212,444 دۆنم. بەرهەمەکەی بە 170,083 تۆن خەمڵێنراوە، بەرزترین ڕێژەی بەرهەم دەکەوێتە قەزای ناوەندی هەولێر بەڕێژەی 62% و نزمترین ڕێژەی بەرهەم لە قەزای چۆمانە بەڕێژەی 0.2% .

### پارێزگای سلێمانی

ڕووبەری چاندراوی گەنمی ئاوی لە پارێزگای سلێمانی دەکاتە 3,690 دۆنم. بەرهەمەکەی بە 3,543 تۆن خەمڵێنراوە، بەرزترین ڕێژەی بەرهەم دەکەوێتە قەزای ڕانیە بەڕێژەی 83% و نزمترین ڕێژەی بەرهەم لە قەزای شارباژێرە بەڕێژەی 0.3%.

### پارێزگای دهۆك

ڕووبەری چاندراوی گەنمی ئاوی لە پارێزگای دهۆك دەکاتە 6,291 دۆنم. بەرهەمەکەی بە 5,268 تۆن خەمڵێنراوە ، بەرزترین ڕێژەی بەرهەم دەکەوێتە قەزای شێخان بەڕێژەی 75% و نزمترین ڕێژەی بەرهەم دەکەوێتە قەزای ئاکرێ بەڕێژەی 9%.

**پارێزگای هەڵەبجە** : ڕووبەری چاندراوی گەنمی ئاوی تەنها 13 دۆنم دەبێت بۆیە بەرهەم و برشتی نیە .

### ئیدارەی گەرمیان

ڕووبەری چاندراوی گەنمی ئاوی لە ئیدارەی گەرمیان دەکاتە 46,508 دۆنم. بەرهەمەکەی بە 18,227 تۆن خەمڵێنراوە، بەرزترین ڕێژەی بەرهەم دەکەوێتە قەزای کفری بەڕێژەی 60% و نزمترین ڕێژەی بەرهەم لە قەزای کەلارە بەڕێژەی 4%.

## •ڕێژەی رووبەر و بەرهەمی جۆی دێمی لە هەرێمی کوردستان

رووبەری چاندراوی جۆی دێمی لە هەرێمی کوردستان دەکاتە 341,451 دۆنم، بەرزترین ڕێژەی رووبەری چاندراو دەکەوێتە پارێزگای سلێمانی بەرێژەی 45%. بەرهەمی جۆی دێمی لە هەرێمی کوردستان بە 88,738 تۆن خەملێنراوە، بەرزترین ڕێژەی بەرهەم دەکەوێتە پارێزگای سلێمانی بەرێژەی 50%.

## رووبەر و بەرهەمی جۆی دێمی لە پارێزگاکان بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

### پارێزگای هەولێر

رووبەری چاندراوی جۆی دێمی لە پارێزگای هەولێر دەکاتە 79,605 دۆنم. بەرهەمەکەی بە 24,206 تۆن بەرێژەی خەملێنراوە، بەرزترین ڕێژەی بەرهەم دەکەوێتە قەزای کۆیە بەرێژەی 37% و نزمترین ڕێژەی بەرهەم لە قەزای رەواندوزە بەرێژەی % 0.5.

### پارێزگای سلێمانی

رووبەری چاندراوی جۆی دێمی لە پارێزگای سلێمانی دەکاتە 152,154 دۆنم. بەرهەمەکەی بە 44,657 تۆن خەملێنراوە، بەرزترین ڕێژەی بەرهەم دەکەوێتە قەزای چەمچەماڵ بەرێژەی 66% و نزمترین ڕێژەی بەرهەم لە قەزای ماوەتە بەرێژەی 0.2%.

### پارێزگای دهۆك

رووبەری چاندراوی جۆی دێمی لە پارێزگای دهۆك دەکاتە14,681 دۆنم. بەرهەمەکەی بە 5,639 تۆن خەملێنراوە، بەرزترین ڕێژەی بەرهەم دەکەوێتە قەزای بەردەرەش بەرێژەی 57% و نزمترین ڕێژەی بەرهەم لە قەزای زاخۆیە بەرێژەی 4%.

### پارێزگای هەڵەبجە

رووبەری چاندراوی جۆی دێمی لە پارێزگای هەڵەبجە دەکاتە 1,611 دۆنم و بەرهەمەکەی بە 629 تۆن خەملێنراوە.

### ئیدارەی گەرمیان

رووبەری چاندراوی جۆی دێمی لە ئیدارەی گەرمیان دەکاتە 93,401 دۆنم. بەرهەمەکەی بە13,607 تۆن خەملێنراوە، بەرزترین ڕێژەی بەرهەم دەکەوێتە قەزای کفری بەرێژەی 45% و نزمترین ڕێژەی بەرهەم لە قەزای خانەقینە بەرێژەی 15%.

- **ڕێژەی رووبەر و بەرهەمی جۆی ئاوی لە هەرێمی کوردستان**

رووبەری چاندراوی جۆی ئاوی لە هەرێمی کوردستان دەکاتە 6,637 دۆنم، بەرزترین رێژەی رووبەری چاندراو دەکەوێتە ئیدارەی گەرمیان بەرێژەی 51%. بەرهەمی جۆی ئاوی لە هەرێمی کوردستان بە 2,204 تۆن خەملێنراوە، بەرزترین رێژەی بەرهەمیش دەکەوێتە پارێزگای هەولێر بە رێژەی 66%.

- **رێژەی رووبەر و بەرهەمی نۆك لە هەرێمی کوردستان**

رووبەری چاندراوی نۆك لە هەرێمی کوردستان دەکاتە 12,259 دۆنم، بەرزترین رێژەی رووبەری چاندراو دەکەوێتە پارێزگای سلێمانی بەرێژەی 44%. بەرهەمی نۆك لە هەرێمی کوردستان بە 2,525 تۆن خەملێنراوە، بەرزترین رێژەی بەرهەمیش دەکەوێتە پارێزگای دهۆك بە رێژەی 38%.

**رووبەر و بەرهەمی نۆك لە پارێزگاکان بەم شێوەیەی خوارەوەیە:**

پارێزگای هەولێر: رووبەرەکەی دەکاتە 2,787 دۆنم، بەرهەمەکەی بە 451 تۆن خەملێنراوە.

پارێزگای سلێمانی: رووبەرەکەی دەکاتە 5,357 دۆنم، بەرهەمەکەی بە 485 تۆن خەملێنراوە.

پارێزگای دهۆك: رووبەرەکەی دەکاتە 2,579 دۆنم، بەرهەمەکەی بە 958 تۆن خەملێنراوە.

ئیدارەی گەرمیان: رووبەرەکەی دەکاتە 282 دۆنم، بەرهەمەکەی بە 69 تۆن خەملێنراوە.

پارێزگای هەڵەبجە: رووبەرەکەی دەکاتە 1,255 دۆنم، بەرهەمەکەی بە 199 تۆن خەملێنراوە.

- **رووبەر و بەرهەمی نیسك  لە هەرێمی کوردستان**

رووبەری چاندراوی نیسك لە هەرێمی کوردستان دەکاتە 473 دۆنم و بەرزترین رێژەی رووبەری چاندراو دەکەوێتە پارێزگای دهۆك بەرێژەی 52% . بەرهەمی نیسك لە هەرێمی کوردستان بە 66 تۆن خەملێنراوە، بەرزترین رێژەی بەرهەمیش دەکەوێتە پارێزگای دهۆك بە رێژەی 54%.

**رووبەر و بەرهەمی نیسك لە پارێزگاکان بەم شێوەیەی خوارەوەیە:**

پارێزگای هەولێر: رووبەرەکەی دەکاتە 107 دۆنم، بەرهەمەکەی بە 17 تۆن خەملێنراوە .

پارێزگای سلێمانی: رووبەرەکەی دەکاتە 113 دۆنم، بەرهەمەکەی بە 13 تۆن خەملێنراوە .

پارێزگای دهۆك: رووبەرەکەی دەکاتە 248 دۆنم، بەرهەمەکەی بە 36 تۆن خەملێنراوە .

پارێزگای هەڵەبجە: بەرهەمی نیسکی نەبووە.

ئیدارەی گەرمیان: بەهۆی کەمی رووبەری چاندراو لە ئەنجامە سەرەکییەکان ئاماژەی پێنەکراوە.

- **ڕێژەی رووبەرە پەیین کراوەکان لە هەرێمی کوردستان**

- ڕێژەی رووبەری پەیین کراو لە هەرێمی کوردستان بۆ هەریەك لە بەرووبوومی گەنمی دێمی و گەنمی ئاوی بریتیە لە 86% ی کۆی گشتی رووبەری چاندراوی گەنم.

- ڕێژەی رووبەری پەیین کراو لە هەرێمی کوردستان بۆ بەرووبوومی جۆی دێمی بریتی یە لە 59% ی رووبەری گشتی چاندراوی جۆی دێمی.

- ڕێژەی رووبەری پەیین کراو لە هەرێمی کوردستان بۆ بەرووبوومی جۆی ئاوی بریتی یە لە 65% ی رووبەری گشتی چاندراوی جۆی ئاوی.

- **ڕێژەی رووبەری تووشبوو بە ئافاتی کشتوکاڵی لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان**

بەروبوومی گەنمی دێمی: ڕێژەی ئەو رووبەرە چاندراوانەی کە تووشی ئافات بوون دەکاتە نزیکەی 42%.

بەروبوومی گەنمی ئاوی: ڕێژەی ئەو رووبەرە چاندراوانەی کە تووشی ئافات بوون دەکاتە نزیکەی 16%.

بەروبوومی جۆی دێمی: ڕێژەی ئەو رووبەرە چاندراوانەی کە تووشی ئافات بوون دەکاتە نزیکەی 16%.

بەروبوومی جۆی ئاوی: ڕێژەی ئەو رووبەرە چاندراوانەی کە تووشی ئافات بوون دەکاتە نزیکەی 7%.

- **تێکڕای تێچووی یەك دۆنم لە رووبەری چاندراو بۆ بەروبوومی گەنم لە هەرێمی کوردستان**

تێکرای تێچوونی یەك دۆنم لە بەروبوومی گەنم لە هەرێمی کوردستان دەکاتە نزیکەی 121 هەزار دینار، بەرزترین ئاستی تێچوون لە پارێزگای دهۆك تۆمارکراوە بڕەکەی دەکاتە نزیکەی 146 هەزار دینار بۆ هەر دۆنمێك، نزمترین ئاستی تێچوو لە ئیدارەی گەرمیانە کە تێکڕای تێچوون دەکاتە نزیکەی 61 هەزار دینار بۆ هەر دۆنمێك.

- **تێکڕای تێچووی یەك دۆنم لە رووبەری چاندراو بۆ بەروبوومی جۆ لە هەرێمی کوردستان**

تێکرای تێچوونی یەك دۆنم لە بەروبوومی جۆ لە هەرێمی کوردستان دەکاتە نزیکەی 99 هەزار دینار، بەرزترین ئاستی تێچوون لە پارێزگای هەڵەبجە تۆمارکراوە کە تێکڕای تێچوون دەکاتە نزیکەی 124 هەزار دینار بۆ هەر دۆنمێك، نزمترین ئاستی تێچووی جۆ لە هەرێمی کوردستان لە ئیدارەی گەرمیان تۆمارکراوە کە تێکڕای تێچوون دەکاتە نزیکەی 51 هەزار دینار بۆ هەر دۆنمێك.

خشتەی 1: کۆی رووبەری ژێر دەست و رووبەری چاندراو بۆ ئەو جوتیارانەی کە چاندراوی زستانەیان هەیە بۆ وەرزی 2016-2017 لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان

| پارێزگا | رووبەری ژێر دەست (دۆنم) | رووبەرە چاندراوەکان (دۆنم) |
|---|---|---|
| هەولێر | 1,166,390 | 1,050,640 |
| سلێمانی | 1,100,431 | 818,402 |
| دهۆك | 946,694 | 662,963 |
| هەڵەبجە | 76,069 | 67,399 |
| ئیدارەی گەرمیان | 600,673 | 447,949 |
| هەرێمی کوردستان | 3,890,257 | 3,047,353 |

خشتەی 2: ژمارەی گوند و جوتیار بۆ  چاندنی بەروبوومەکانی زستانە (گەنم، جۆ، نۆك، نیسك و سەوزەوات) بۆ وەرزی 2016-2017 لە هەرێمی کوردستان

| پارێزگا | ژمارەی گوندەکان | ژمارەی گوندەکان کە چاندراوی زستانەیان هەبووە | رێژەی سەدی % | ژمارەی جوتیارەکان |
|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 1,423 | 827 | 58 | 20,169 |
| سلێمانی | 1,674 | 1,350 | 81 | 26,060 |
| دهۆك | 1,442 | 803 | 56 | 11,458 |
| هەڵەبجە | 122 | 108 | 89 | 3,257 |
| ئیدارەی گەرمیان | 409 | 349 | 85 | 7,760 |
| هەرێمی کوردستان | 5,070 | 3,437 | 68 | 68,704 |

خشتەی 3: ڕێژەی رووبەرە چاندراوەکانی بەروبوومی گەنم بۆ وەرزی 2016-2017 لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان

| پارێزگا | رووبەری گەنمی دێمی (دۆنم) | ڕێژەی سەدی % | رووبەری گەنمی ئاوی (دۆنم) | ڕێژەی سەدی % | کۆی گشتی رووبەری چاندراوی گەنم (دۆنم) |
|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 736,539 | 31 | 212,444 | 79 | 948,983 |
| سلێمانی | 653,177 | 27 | 3,690 | 1 | 656,867 |
| دهۆك | 635,171 | 27 | 6,291 | 2 | 641,461 |
| هەڵەبجە | 61,362 | 3 | 13 | 0 | 61,375 |
| ئیدارەی گەرمیان | 303,892 | 13 | 46,508 | 17 | 350,400 |
| هەرێمی کوردستان | 2,390,141 | 100 | 268,945 | 100 | 2,659,086 |

خشتەی 4: ڕێژەی رووبەرە چاندراوەکانی بەروبوومی جۆ بۆ وەرزی 2016-2017 لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان

| پارێزگا | رووبەری جۆی دێمی (دۆنم) | ڕێژەی سەدی % | رووبەری جۆی ئاوی (دۆنم) | ڕێژەی سەدی % | کۆی گشتی رووبەری چاندراوی جۆ (دۆنم) |
|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 79,605 | 23 | 2,506 | 38 | 82,111 |
| سلێمانی | 152,154 | 45 | 599 | 9 | 152,753 |
| دهۆك | 14,681 | 4 | 179 | 3 | 14,859 |
| هەڵەبجە | 1,611 | 0.5 | 0 | 0 | 1,611 |
| ئیدارەی گەرمیان | 93,401 | 27 | 3,354 | 50 | 96,755 |
| هەرێمی کوردستان | 341,451 | 100 | 6,637 | 100 | 348,088 |

خشتەی 5: رووبەرە چاندراو و نەچاندراوەکان بۆ وەرزی 2016-2017 لەسەر ئاستی قەزاکانی پارێزگای هەولێر

| قەزا | ژمارەی گوند | ژمارەی جوتیار | رووبەری چاندراو (دۆنم) | | | | | | | | رووبەری نەچاندراو (دۆنم) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | گەنمی دێم | گەنمی ئاوی | جۆی دێم | جۆی ئاوی | نۆک | نیسک | سەوزەوات | کۆ | |
| ناوەندی هەولێر | 83 | 4,214 | 137,072 | 124,509 | 9,711 | 823 | 10 | - | 12,373 | 284,498 | 1,035 |
| دەشتی هەولێر | 98 | 3,595 | 158,261 | 60,713 | 27,506 | 914 | 109 | 30 | 1,730 | 249,263 | 8,420 |
| سۆران | 107 | 917 | 5,502 | 2,368 | 2,019 | 158 | 177 | 5 | - | 10,228 | 4,316 |
| شەقڵاوە | 165 | 3,464 | 143,639 | 3,925 | 6,602 | 20 | 1,372 | 21 | 567 | 156,146 | 14,282 |
| چۆمان | 82 | 747 | 12,335 | 1,135 | 1,864 | 239 | 91 | 1 | 290 | 15,953 | 3,555 |
| کۆیە | 128 | 3,848 | 171,286 | 511 | 27,811 | 290 | 793 | 42 | 1,601 | 202,334 | 21,435 |
| مێرگە سور | 80 | 898 | 15,174 | 4,690 | 536 | 5 | 67 | - | 1 | 20,471 | 4,557 |
| خەبات | 49 | 2,193 | 92,139 | 14,430 | 2,944 | 20 | 45 | - | 88 | 109,666 | 243 |
| رەواندوز | 35 | 293 | 1,132 | 163 | 613 | 38 | 124 | 8 | 4 | 2,082 | 121 |

خشتەی 6: رووبەرە چاندراو و نەچاندراوەکان بۆ وەرزی 2016-2017 لەسەر ئاستی قەزاکانی پارێزگای سلێمانی

| قەزا | ژمارەی گوند | ژمارەی جوتیار | رووبەری چاندراو (دۆنم) | | | | | | | | رووبەری نەچاندراو (دۆنم) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | گەنمی دێم | گەنمی ئاوی | جۆی دێم | جۆی ئاوی | نۆك | نیسك | سەوزەوات | کۆ | |
| ناوەندی سلێمانی | 175 | 4,014 | 94,296 | 122 | 10,012 | 53 | 528 | 6 | 215 | 105,232 | 20,507 |
| قەرەداغ | 72 | 968 | 21,423 | 189 | 5,438 | 28 | 71 | 11 | 77 | 27,236 | 13,417 |
| شارەزوور | 50 | 1,501 | 48,318 | - | 210 | - | 153 | - | 128 | 48,808 | 3,370 |
| سەید صادق | 65 | 2,563 | 61,310 | 6 | 622 | 30 | 577 | - | 170 | 62,715 | 855 |
| پێنجوین | 128 | 1,163 | 4,101 | 36 | 7,421 | 8 | 293 | - | 29 | 11,886 | 5,433 |
| شارباژێر | 125 | 808 | 3,147 | 210 | 2,781 | 51 | 496 | 6 | 482 | 7,171 | 4,337 |
| ماوەت | 50 | 255 | 1,671 | 124 | 613 | 53 | 61 | - | 160 | 2,682 | 1,378 |
| پشدەر | 145 | 3,149 | 45,081 | 276 | 12,984 | 102 | 224 | 1 | 14 | 58,680 | 2,371 |
| رانیە | 64 | 2,069 | 36,944 | 1,398 | 2,350 | 20 | 352 | 11 | 5 | 41,079 | 181 |
| دوکان | 143 | 2,875 | 93,612 | 175 | 3,209 | 55 | 1,736 | 20 | 1,418 | 100,224 | 8,291 |
| دەربەندیخان | 34 | 687 | 25,637 | - | 2,677 | 45 | 489 | 9 | 2 | 28,859 | 7,726 |
| چەمچەماڵ | 299 | 6,008 | 217,640 | 1,155 | 103,839 | 155 | 379 | 49 | 614 | 323,831 | 135,043 |

خشتەی 7: رووبەرە چاندراو و نەچاندراوەکان بۆ وەرزی 2016-2017 لە سەر ئاستی قەزاکانی پارێزگای دهۆك

| قەزا | ژمارەی گوند | ژمارەی جوتیار | رووبەری چاندراو (دۆنم) | | | | | | | | رووبەری نەچاندراو (دۆنم) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | گەنمی دێم | گەنمی ئاوی | جۆی دێم | جۆی ئاوی | نۆك | نیسك | سەوزەوات | کۆ | |
| ناوەندی دهۆك | 57 | 344 | 23,339 | - | 1,073 | - | 166 | - | 125 | 24,703 | 5,733 |
| سێمێل | 138 | 1,410 | 131,405 | - | 1,336 | 5 | - | - | - | 132,746 | 81,087 |
| زاخۆ | 107 | 409 | 74,277 | 592 | 589 | - | 158 | - | - | 75,616 | 48,366 |
| ئامێدی | 104 | 370 | 6,294 | 126 | 1,402 | 32 | 237 | 7 | 2 | 8,098 | 4,414 |
| شێخان | 199 | 3,213 | 171,309 | 4,017 | 786 | 25 | 611 | 156 | 1,444 | 178,348 | 11,977 |
| ئاکرێ | 138 | 4,326 | 85,797 | 405 | 2,648 | 67 | 965 | 25 | 2,214 | 92,120 | 4,947 |
| بەردەرەش | 60 | 1,386 | 142,750 | 1,151 | 6,847 | 50 | 442 | 60 | 33 | 151,333 | 30,948 |

خشتەی 8: رووبەرە چاندراو و نەچاندراوەکان بۆ وەرزی 2016-2017 لە سەر ئاستی قەزاکانی ئیدارەی گەرمیان

| قەزا | ژمارەی گوند | ژمارەی جوتیار | رووبەری چاندراو (دۆنم) | | | | | | | | رووبەری نەچاندراو (دۆنم) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | گەنمی دێم | گەنمی ئاوی | جۆی دێم | جۆی ئاوی | نۆك | نیسك | سەوزەوات | کۆ | |
| کەلار | 152 | 2,486 | 94,013 | 2,639 | 25,641 | 119 | 82 | - | - | 122,494 | 50,585 |
| کفری | 64 | 2,607 | 125,540 | 30,022 | 58,483 | 3,224 | 12 | - | 401 | 217,682 | 54,729 |
